www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:23 25-9-2006

# ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان: لە ئیعلانکردنی یەکگرتووەوە لەگەڵ دروشمی فیدراڵیداین بۆ عێراق و، نەگۆڕە لە لامان ... دیمانە: هۆگر خۆشناو

دەربارەی دوا گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و عێراق و، هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە بارەیانەوە، هەروەها پرسیی کۆنفرانسی یەکگرتوو و، وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە مەسەلە چارەنوسسازەکاندا لە یەکگرتوو دەکرێت، رۆژنامەی یەکگرتوو دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) ئەمینداری گشتی یەکگرتوودا ساز کرد، بەڕێزیشی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە:

- سەبارەت بە کۆنفرانسی یەکگرتوو کە بڕیارە لە مانگی (11) ساز بکرێت، دەرهاوێشتەی کۆنگرەیە یان ویست و خواستی یەکگرتوو لەم قۆناغەدا و، یەکگرتوو بەنیازی چ گۆڕانکاری یان چاکسازییەکە لەو کۆنفرانسەدا؟

+ مامۆستا سەلاحەدین: کۆنفرانس یەکێکە لە بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆیی حیزب، کە لە کۆنگرەی چواردا بڕیار دراوە ساڵ و نیوێك دوای کۆنگرە و لەنێوان دوو کۆنگرەدا کۆنفرانسێك بگیرێت.
کاری کۆنفرانس دیاری کراوە کە کارەکەی بریتییە لە پێداچوونەوەی وتاری سیاسی و هەڵوێستەکان و چوونە ناو ئەو شتانەی کە لەو ساڵ و نیوەدا بووە و پاشانیش سەیری تێڕوانینی ئەدای دام و دەزگاکانی حیزب لەو ماوەیەدا. کۆنفرانس دەسەڵاتی هەیە کە هەندێك لە دەزگاکان هەڵپەسێردرێت و دەزگای تر بکاتەوە و لە کۆبوونەوەی شورای ناوەندی پێش کۆنفراسیش قسەی جددی لەسەر ئەو بابەتانە دەکرێت و بەرنامەی کاری کۆنفرانس دیاری دەکرێت.

- پێش هەڵبژاردنەکانی (12/15) چاوەڕوان دەکرا پەرلەمانتارانی یەکگرتوو زۆر چالاکانە بێتە سەر مەیدانی کارکردن، بەڵام ئێستا گلەیی و گازندە دەکرێت کە پەرلەمانتارانی یەکگرتوو لەو ئاستەدا نین، هۆکارە سیاسییەکەی دۆخەکە وایکردووە کە بەو ئاقارەدا بڕوات یان ئامانجێکی سیاسی وا لە یەکگرتوو دەکات کە هەنگاوەکانی لەسەرخۆ و هێواش و بەئامانج بێت؟

+ مامۆستا سەلاحەدین: پەرلەمان بەشێکە لەو دام و دەزگایانەی کە لە کوردستاندا هەیە کە کارایی پێویستیان نییە. پەرلەمان چەند مانگێکە دوای یەکخستنەوەی ئیدارەکان هەنگاوی ناوە و گیانیی چۆتەوە بەر، پێشتر تا رادەیەکی زۆر پەرلەمان رۆتین بوو کارایی و چالاکی لە ئیشەکانیاندا نەبوو، ئەو ماوەیەی کە ئیدارە بۆتەوە یەك زیاتر سەرگەرمی لائیحە و نووسینەوە و پەسەندکردنی یاسای وەزارەتەکان و هەندێك چالاکیی لەو بابەتە کە پێویستە ئەوشتە ئەساسییانەی تر کە پێویستە چالاك بکرێت یان جیایی بۆچوونەکانی ئێمە دەربخات، هێشتا نەهاتۆتە کار و ئەوەی موتابەعە بکات دەزانێت کە هەمیشە پەرلەمانتاری ئێمە لە هەموو ئەو بابەتانەی کە تەرح کراون رۆڵ و قسەی خۆیان بووە و چاویان لە دەستی کەس نەبووە و دەستیان هەڵبڕیوە.

- سەبارەت بە خۆپارێزیی هەڵوێستی سیاسیی یەکگرتوو لەم قۆناغەدا کە بەرچاو دەکەوێت بۆچی دەگەڕێتەوە .. ؟

+ مامۆستا سەلاحەدین: کوردستان بە گشتی و عێراق بە گشتی تر وڵاتێك نییە کە تۆ بە شێوەیەکی رەها هەنگاو بنێیت، لەبەرئەوە بە غەریبی مەزانە و کاری سیاسی سروشتی وایە کە دەبێت بە قەد توانای خۆت و رێك و پێکیی بارودۆخەکان کارەکانت بەڕێوە بەریت، لەبەرئەوە حاڵەتی کوردستان هێشتا دوڵەمەیە مەسەلەی فیدراڵی هێشتا تەشویشی لەسەرە و هێشتا حاڵەتی ئەمنیی عێراق سەقامگیر نەبووە و زۆر لە مەسەلەکانی کوردستان ماوە و دەبێت بڕیاری لەسەر بدرێت و، لەوێش

هێشتا بارودۆخەکە سەقامگیر نییە، ئەمانە هەمووی وایکردووە کە تۆ ناتوانی ئەو ریعایەتکردنە نەبێتە شتێکی پێویست، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ لە شتێك بێدەنگ بیت ئیتر پێی رازیت.

ئێمە شێوەی کاری خۆمان هەیە و شێوەی مامەڵەکردنمان رەنگە جیاواز بێت لەگەڵ لایەنێکی تر.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی (12/15) دروشمی دژە گەندەڵیی بەرز کردەوە کە ئەمەش پێشوازیی جەماوەری لێ کرا، دەکرێت بپرسین یەکگرتوو لە ئێستادا دەستبەرداری ئەم دروشمە بووە، کە بەشداریی لە حکومەتدا کردووە؟ یەکگرتوو دەیەوێت چی بکات؟

مامۆستا سەلاحەدین: گەندەڵی شتێك نییە کەس لەگەڵی بێت، هەر دەبێت دژی بێ، بەس چۆنێتیی دژبوونەوەکەی ئەوە مەوزوعێکە جگە لەوە ئێمە تەسەورمان نەبوو واشمان نەوتووە کە حکومەتی هەرێم موجەسەمەی گەندەڵییە تاوەکو ئێمە بڵێین دوێنێ دژی بووین و ئێستا بۆچی بەشداربووین.

ئەو رۆژە بەشدار بووین و ئێستاش بەشدارین، هەرێمی کوردستان بەشێکە لەو عالەمەی کە هەیە و گەندەڵیش هەموو دونیای گرتۆتەوە بەتایبەت عێراق، کە ئێستا چەندەها وەزیری حکومەتی عێراقی دەستەی نەزاهە حوکمی بۆ دەرکردوون، عێراق پڕیەتی لە گەندەڵی، کوردستانیش بەشێکە لە عێراق و بێبەش نەبووە لە گەندەڵی، هەرچەندە ئێرە باشترە لەوێ، ئێمە دروشمی گەندەڵیمان بۆ هەڵبژاردنی عێراق هەڵگرت کوردستانیش دەگرێتەوە راستە و، لێرەش گەندەڵی هەیە راستە، بەڵام مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئێمە لێی پەشیمان بین و وابزانین کە چاك بووە لە ماوەی ئەمساڵدا، نەخێر.. دژایەتیی گەندەڵی یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی حیزبێکی سیاسی، کە دەبێت وا بکات و وایش بێت، بەڵام لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەداخەوە تەفسیری هەڵە و رەنگدانەوەی نادروست و لێکدانەوەی نادروستیان لێ کرد، کە بە ئاراستەیەك بردیان کە ئێمە دژ بەم ئەزموونەین و دژی ئەمنی قەومیی کورد هەڵدەستین، مادام دەڵێین گەندەڵی! خۆ ئێمە نەمانووتووە کە هەموو گیانی ئەو هەرێمە و خەڵك و ئیدارەی ئەم هەرێمە گەندەڵە، بەڵام ئێمە دروشمی گەندەڵیمان هەڵگرد، باشمان کرد و جورئەتی خەڵکمان شکاند و ئێستاش گەندەڵی یەکێکە لە مەسەلە ئەساسییەکان کە باسی دەکرێت و بوون و ئاساری گەندەڵیش بەدیار کەوت کە لە هەموو شتدا هەیە، گەندەڵی شتێکی فراوانە، زاراوەیەکە کە دەچێت بەسەر هەموو شتەکاندا، کە بەشێکی ئیدارە و سیاسەتە، بەشێکی ئابوورییە و بەشێکی کۆمەڵایەتییە، کە جۆرەها عورفی گەندەڵ هەیە و شتی نادروست هەیە، کە هەمووومان دەبێت دژی بین و هەمووی دەبێت چارەسەر بکرێت، بۆیە ئێمە لە ستراتیژیەتماندا چاکسازی و دژایەتیی گەندەڵی بەردەوام (متچمن) ـە، کە وتت چاکسازی دەکەم، مانای وایە گەندەڵی ناکەم، بەڵام کە بینیمان حەساسیەتێك لە وشەکەدا هەیە یان خراپ تێگەیشتن هەیە، یان تەفسیری حیزبیانەی بەمەرام و بەغەرەز هەیە، لەوێ ئیحتیمالە تۆزێك ریعایەتی وەزعەکەمان کردبێت و پێمان باش بووبێت کە مادام بەرامبەرێك خۆی دەکاتە خاوەنی ئەوە، یان لە خۆیەوە وا دەزانێت کە لەگەڵ ئەوتە، تۆ دەتەوێت ئیزعاجی نەکەیت، بەڵام گەندەڵی هەر ئەو نەخۆشییە کوشندەیە کە لە تیرۆر خراپترە لە کوردستان و هەبوونی هەیە لە کوردستان دەبێت چارەسەر بکرێت و چاکسازی بکرێت و هەمووومان دەبێت لە مەسەلەی چاکسازیدا هاوکاری بکەین و، بریتی نییە لە یەکێك و ئەوی تر بەری بێت. هەموو ساحەکە جۆرەها شێوەی گەندەڵیی تێکەوتووە و دەبێت لە هەموو لایەکەوە چاکسازی بکەین.

- یەکگرتوو چەندە لەگەڵ چەمکی فیدراڵیەتدایە لە عێراق، بەتایبەت فیدراڵیەتی باشوور و ناوەڕاست، لە کاتێکدا گلەیی لە کوتلەی یەکگرتوو دەکرێت کە دەنگی بە فیدراڵیەتی ناوەڕاست و باشوور نەداوە لە ئەنجومەنی نوێنەران، کە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەنجومەن... ؟

* مامۆستا سەلاحەدین: باسی فیدراڵی و بوونمان لەگەڵ فیدراڵیدا لە سەرەتای ئیعلانی یەکگرتووەوە لە ساڵی (1994) ئێمە لەگەڵ دروشمی فیدراڵیدا بووین بۆ عێراق و پەشیمانیمان نییە لەوە و نەگۆڕە لەلامان، ئەوەی لەم رۆژانەدا بیستمان، ئەوەیە کە بە راستی جۆرێك لە تەحریفی تیابووە و وا نەبووە ئەو ئەندامانەی ئێمە بەشێکیان لە دانیشتنەکەدا نەبوون لەبەر هەندێك گرفتی کۆمەڵایەتی و، ئەوانەی کە لەوێش بوون دەنگدانێك نەکراوە بۆ مەسەلەی فیدراڵی کە ببێت یان نەبێت، دەنگدان ئەگەر کرابێتیش باس لەوە بووە کە ئەو شتە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەنجومەن یان نا، چونکە ئیشکالێك بووە لە نێوان دکتۆر مەشهەدانی و خالید عەتیە، کە مەشهەدانی تورە بوو لەوەی کە ئاگای لێ نەبووە مەسەلەی فیدراڵی باشوور و ناوەڕاست هاتۆتە بەرنامەی کار و دەبوایە من ئیمزام کردبایە، لەوە کێشە دروست بووە و دواتر هاتوونەتە سەر ئەوە کەوا لە ئەجێندای ئەمڕۆی ئەنجومەندا نەبێت و بخرێتە رۆژێکی تر، ئەوە بوو خرایە رۆژێکی تر. دەست بەرزکردنەوە و بەرزنەکردنەوە بۆ ئەوە بووە نەك بۆ شتێکی تر و باسی فیدراڵی، فیدراڵی دەستورییە و یەکێکە لەو شتانەی کە وتوومانە و ئێمە لەگەڵ نەگۆڕە نیشتمانییەکانی خۆماندایـن و بە فیدراڵیی باشووریشەوە، کە وتت فیدراڵی.. مانای فیدراڵی بۆ هەموو عێراق تۆ دەبیتە هەرێمی فیدراڵی و ئەوەش کێشەی ئێمە نییە کە باشور دەکەنە فیدراڵی یان نا، بەڵام عێراق دەبێت فیدراڵی بێت فیدراڵی باشوور ئەوەیە کە دەڵێین چەند پارێزگایەك ببێتە فیدراڵی، ئەوە ئیئتیلاف وا دەڵێت و بۆچوونی تریش لەناو ئیئتیلاف دەڵێ با هەرێمێك نەبێت چەند هەرێمێك بێت و، تەوافوقیش بۆچوونیان وایە کە هەر پارێزگایەك فیدراڵییەك بێت، کە ئەوە جێی باسە و کاتی بێت گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئێمە لەگەڵ فیدراڵیی عێراقدا بووین و عێراقی فیدراڵیشمان ویستووە و لە دروشمەکانیشمان هەر ئەوە بووە، ئەو بابەتەی دواییش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هەڵوێستمان نەبووە، بەس هەندێکیان تەحریف و دەستتێوەردانی تیایە، چونکە هەڵوێست وەرنەگیراوە و دەنگیشی بۆ نەدراوە غەیری ئەوەی کە باس کراوە ئەمڕۆ قسەی لەسەر بکرێت یان بخرێتە هەفتەکەی تر، ئەوە دەنگدانێك بووە کە برایەك هەر تێنەگەیشتووە چییە باسەکە دەنگی داوە بۆ ئەوەی بخرێتە ئەجێندای هەفتەی داهاتووی پەرلەمان. کە ئەوە پێی ناگوترێت هەڵوێست وەرگرتن دژی فیدراڵیەت.

- دوای دابەزینی یەکگرتوو بە لیستێکی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا، سستییەك لە پەیوەندیی یەکگرتوو هەیە لەگەڵ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدا... ؟

+ مامۆستا سەلاحەدین: ئێمە لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای شەراکەت و هاوبەشی لە ساحەی سیاسیدا کارمان کردووە و، لەسەر ئەوەش هاوپەیمانی یان هاوکاریمان کردووە لەگەڵ حاڵەتی سیاسیی کوردستان و بەردەوام بووین لەسەر ئەوە لە قۆناغی جۆراوجۆر و بە شێوەی جۆراوجۆر بە هاوپەیمانی یان بە جیا لە هاوپەیمانی هیچ گرفتێکمان نەبووە لەو بابەتە، بەڵام هەندێك ساردی ئەوە ئاساییە لەنێوان چەند حیزبێکدا کە سەربەخۆیی خۆیان بیەوێت یان خاوەنی قسە و هەڵوێستی خۆیان بن، ئاساییە کە ساردی و گەرمی دروست ببێت، لەگەڵ پارتی و یەکێتی هەڵوێستمان ئاسایی و سروشتییە و هاوکار و شەریکین لە حکومەت و لە حاڵەتی سیاسی بە گشتی و لە پەرلەمان و لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانی نەگۆڕەکاندا هاوهەنگاوین و هاوهەڵوێستین و تا رادەیەکی باش رازین لەو پەیوەندییە.

- سەبارەت بە سەردانەکەی شاندی باڵای یەکگرتوو بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی و گفتوگۆکردن و باسکردنی ئاسەوارەکانی رووداوەکە (12/6) ی بادینان و ئەو بەڵێنانەی کە بە یکگرتوو درابوو چی لەبارەیەوە کرا... ؟

+ مامۆستا سەلاحەدین: ئێمە لەم چەند رۆژەی رابردوودا سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتیمان کرد، لە میانەی ئەو سەردانانەدا کە هاتوچۆ هەر بووە و تەبیعییە، دیارە لەگەڵ ئەو دوو حیزبە سەرەکییە بەتایبەت و حیزبەکانی تری ساحەی سیاسی خۆماندا هاتوچۆمان بووە و هەر دەشبێت، ئەم جارە

دانیشتنێکی تایبەت بوو بە باس و خواسێك کە دەیویست باسی لێوە بکەین و تەئکیدی لەسەر بکەینەوە و هەڵوێست لە مەسەلەکانی عێراق لە عێراق و یان ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەیەو لە عێراقدا و، هەروەها یەکێك لەو باسانە باس لە ئاسەوارەکانی (12/6) بوو ئەوانیش خۆشبەختانە هەڵوێستیان لەگەڵ ئێمە بوو لەوەی کە ئەو مەسەلەیە نەخوازراو بووە و شتێکی ناخۆش بووە و نەدەبوو بێت، بەڵام ئەوەی کە کرا لە پێکهێنانی لیژنەیەك و دواتر ئاشتییەك ئەنجام درا و بەڕێزان کاك (نێچیرڤان) و کاك (فازڵ) کە هاتن بۆ لامان باسمان کرد، گەیشتینە ئەوەی کە ئەو لیژنەیە پێك بێت کە پێشتر لەوە جەنابی کاك (مەسعود) بە پەیامی دابوو، ئیدانەی کردبوو. مەرکەزییەن پارتی وەکو ئیدارە و وەکو حیزبیش هەڵوێستی خۆی رەفزی مەوزوعەکەی ئیعلان کردبوو، ئێمەش لەسەر رۆشنایی ئەوە لیژنەکە پێکهات و چووین، بەڵام مەسەلە قەزائییەکەی تا ئێستا ماوە و تا ئێستاش ماوە کە خاوەنی بنەماڵەی شەهیدەکان داوایان تۆمار کردووە لەسەر (مجهول)، چونکە قاتلەکان دیار نین، تا ئێستا ئەو مەوزوعە وەستاوە. یەکێك لەو باسانە ئەو بابەتە بوو کە ئەو مەوزوعە بەو وەستاوییە خزمەت ناکات، ئێمە راستە لەگەڵ پارتی موشکیلەیەکمان نییە و سوڵحمان کردووە و لەگەڵ ئیدارەش هیچ گرفتێکمان نییە سوڵح کراوە و ئاشتی و هاوکارییە، بەڵام دەبێت پێکەوە ئەو مەوزوعەش چارەسەر بکەین، ئێستا هەندێك هەنگاو نراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلە قەزائییە بە قازانجی شەهیدەکان و بنەماڵەی شەهیدان و بە گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەن ماف، ئەوەندەی کە ئەمڕۆ مومکینە لە بارودۆخی ئەمڕۆ و بەتایبەت بە رەچاوکردنی ئەوەش کە بکوژەکە مەعلوم نییە و ناشدۆزرێتەوە و وەستاندنی مەسەلەکەش بەو شێوەیە بۆ سنورێکی نادیار رەنگە خزمەت نەکات، پێویست دەکات بە هەنگاوێکی عەمەلی، ئینجا لەو رووەوە چەند قسەیەك کرا لەم بارەیەوە و هەنگاوی عەمەلی بۆ چاکترکردن و نەهێشتنی ئاسەواری ئەو مەسەلەیە.

سەبارەت بەو پارەیەی کە بڕیار بوو (6) ملیۆن دۆلار وەك قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانەکان بدرێتەوە، کە تا ئێستا نیوەی دراوە، لەم بارەیەوە چی دەڵێین؟

+ مامۆستا سەلاحەدین: ئەوەش یەکێکە لەو شتانەی کە ئاساییە، کە باسێکی ترە و باسی قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانە، کە قەرز کۆن دەبێت و نافەوتێت.

...